## کەژاڵ ئادەمی:

# لەبەرهەمەکانم شیعرێ بەکاردەهێنم کە لەناخی ژن هاتۆتە دەرو مەخلوقی ژنە

**دەشتی سەباح – هەولێر**



دەنگێکی نوێی کچە کوردێك لەوپەڕەگەی وڵاتێکی ئەسکەندەنافی بەهۆی هەوڵو ماندووبوونی خۆی دەیەوێت شتێك بۆ گۆرانیو هونەری کوردی بکات، ئەو کچێکە هەر لەتەمەنی ٢ مانگیەوە بۆهۆی هەڵومەرجی سەختی ژیانو کوردبوونەوە ژیانی تاراوگە هەڵدەبژێرێت نەوەکو سەرشۆڕی.

ئەو هەستێکی لەرادەبەدەری خۆشەویستی هەیە بۆ باوکی دوای ١٤ ساڵ بۆ یەکەمینجار بەدیدەنی شاد دەبێتەوە، وەك وەفایەك (جوانترین وشە) کە ناوی بەرهەمەکەو یەکەم گۆرانییە پێشکەش بەباوکی دەکات، کەژاڵ ئەم گۆرانییەی لەگەڵ باوکیدا خوێندووەو بوو بە یەکێك لەو گۆرانیانەی کە لەسەر زاری زۆر کەسانە، کەژاڵ دەڵێت "ئەو گۆرانیەم بۆ باوکم داناوە، کە دوای ١٤ ساڵ دووری بەیەکتر شاد بووینەوە".

کاتێ مامۆستا عەلی شوکری کە هەر لەسەرەتای کاری هونەری کەژاڵەوە مامۆستاو هاندەری بووە، تێ گەیشت کەژاڵ دەنگێگی تایبەتو خۆشی هەیە، پێشنیاری پێدا کە شیعرەکانی خۆی ئاوێتەی میوزیك بکاتو بیکاتە بەرهەم.

(جوانترین وشە)، کە لەسەر ماڵپەڕی (www.worldmusic.com) بلاْوکراوەتەوە یەکەمین بەرهەمی کەژاڵەو لەساڵی ٢٠٠٦ دەرچووە، بریتییە لە ٦ گۆرانی (جوانترین وشە، فیراق، ئاهی عاشقان، موتریبو ساقی، شەوقی دیدار، فەسڵی گولزار)، شیعری گۆرانییەکان هی کەژاڵ خۆیەتیو عەلی شوکری ئاوازەکانی بۆ داناوە.

کەژاڵ ئادەمی، لەساڵی ١٩٨٣ لەشاری سەقزی رۆژهەلاّتی کوردستان لەدایکبووە، هەر لەتەمەنی منداڵییەوە هەستی بۆ شیعرو میوزیك هەبووە، لەتەمەنی ٨ ساڵاندا دەستی بەخوێندنەوەی شیعری کوردی کردووەو خوێندنو نووسینی کوردی لەشیعرەکانی قانیعی شاعیر فێربووە، کەژاڵ دەڵێت "زۆرجار شیعرەکانی مامۆستا قانعم دەکرد بەگۆرانیو هەستی پاكو ناسکی منداڵانەی خۆی پیێ دەردەبڕی".

دایكو باوکی کەژاڵ لەبەر ئەوەی نەیاندەتوانی زوڵمو زۆری کۆماری ئیسلامی ئێرانو ژێردەستەیی نەتەوەی کورد لەئێراندا قبوڵ بکەن، تێکەڵی شۆڕش بوونەو چوونەتە ناو ژیانی پێشمەرگایەتی لەچیاکاندا، ئیشی سیاسی دایكو باوکی بوو بەهۆی ئاوارەبوونیان بۆ تاراوگەو کەژاڵیش هەر بەو بۆنەیەوە هاتۆتە دەریێ لەولاّت، کەژاڵ دەڵێت "لەتەمەنی ٢ مانگیەوە لەباوەشی دایك هەڵپچڕامو تا تەمەنی ١٤ ساڵی دوور لەوان ژیانم بەسەربرد".

لەساڵی ١٩٩٨ رەوانەی هەندەران بوو لەولاّتی سوید نیشتوجیێ بووە، لەتەمەنی ١٥ ساڵاندا دەستی بە ژەنینی ئامێر کەمانچە کردووەو لەقوتابخانەی میوزیکی (سەبا) دەستی بە خوێندنی تیۆری میوزیك کردو ماوەی ٨ ساڵە خەریکی کاری میوزیکە.



ئەو بەهۆی خوێندنەوەی شیعری کوردی زمانی زگماکی خۆی پەرەپێداوەو ئێستا لەپاڵ گۆرانیو میوزیکدا شیعریش دەنووسێت، سەبارەت بەمە دەڵێت "شیعر نزیکترین رەفیقمەو هەموو سکالاّو دەردە دڵێکی لەلا ئەکەم"، شیعرەکانی کەژاڵ لەزوبانی خۆیەوە وەك ئافرەتێك نووسراوە، گوێگر بە بیستنی گۆرانییەکانی کەژاڵ بە باشی تێدەگات کە ئەو شیعرانە نووسراوەی ئەوینو ئازارو ئاواتی ژنێك تێیدا خۆی دەنوێنیێ.

کەژاڵ بە هەستێکی راستەقینەوە بەرامبەر بە زوڵمو ستەمی ژنان دەدوێتو دەڵێت "بەداخەوە ژنان لەکۆمەڵگای ئێمەدا بەدرێژایی مێژوو لەژێر ستەمدا بوونە، ئێستا کاتی ئەوە هاتووە ژنیش بتوانێت ئازارو ئەوینەکانی، خەونو ئاواتەکانی، هیواو ئامانجەکانی باس بکات، بیێ ئەوەی سەرکوت بکرێن، من لەبەرهەمەکانمدا شیعری ژنان بەکاردەهێنم، شیعریێ کە لەناخی ژن هاتۆتە دەرو مەخلوقی ژنە".

کەژاڵ زۆر بەترسەوە توانیویەتی یەکەمین بەرهەمی خۆی بلاّوبکاتەوە، ئەو پێش ئەوەی کارێك بکات، ویستوویەتی لەماناو ناوەڕۆکی میوزیكو گۆرانی تیێ بگات، هەرچەندە ئەوە بۆ ئەو کارێکی ئاسانترە چونکە خۆی هەم میوزکژەنو شاعیریشە، بۆ ئەوەی کە کەژاڵ درەنگ دەرکەوت، دەڵێت "یەکەمین شت من پێمخۆشبوو بە زانیارییەوە بێمە مەیدان،

دەمویست لەگۆرانی تێبگەم‌و لەتیۆری میوزیك شارەزا بم، هەر بەو هۆیەوە بەشێکی زۆری کاتم تەرخان بەو ئامانجە کرد".




گوتیشی "ئامانجی من هەر ئەوە نییە گۆرانی بڵێم‌و بەس، بەڵکو ئەمەوێ لەگۆرانیەکانمدا شتێك بڵێم بۆ گوێگر، ئەمەوێت گۆرانیەکانم سەرنجی گوێگر رابکێشیٚ‌و بیخاتە نێو فکر".

کەژاڵ لەسەر بەرهەمی (جوانترین وشە) دەڵێت "میوزیك هاژەی دڵی پڕ هەستەو شیعر زایەڵەی هەستێکی بەسۆز، کاتیٚ کە پشکۆی شیعرو میوزیك پێکەوە ئەکەونە گڕگرتن، ئەو کاتەیە کە جوانترین وشەکان لەباوەشی بەتینی گۆرانیەکدا خۆیان ئەنوێنن، ئەم بەرهەمە پێشکەشی هەموو ئەو دڵانەی ئەکەم کە بۆ ئازادی، بۆ عیشقو بۆ ئینسانیەت لێدەدەن، جوانترین وشەم پێشکەش ئەکەم بەو هونەرمەندانەو مامۆستایانەی وا هونەرو میوزیکیان لا بەرێزەو بۆ پەرەپێدانی تێدەکۆشن".